

# لێکۆڵینەوەی فیکریو سیاسی

- سنووری نێوان ( حكمة )و ( مداهنة )
- چەکی سامناکی تەکفیر
- جیاوازیی شەرعی... تێگەیشتن و مامەڵە
- ڕەشماڵ لە سەردەمی شارە مەزنەکاندا
- عەلمانییەتی نامۆ... کاری ئاین لەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگە
- گەڕان بەدوای هۆکانی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردستانی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ

فاضل قەرەداغی

١٤٢١ ی کۆچی ــ ٢٠٠٠ ی زاینی

## بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی

ئەم بابەتانەی کە لە دوو توێی ئەم کتێبەدا هەن لە چەند ژمارەیەکیگۆڤاری (رابەر)دا بڵاوکرابوونەوەو ویستم بە پەرش وبڵاوی نەمێننەوە و لە یەك کتێبدا کۆیان بکەمەوە. هەر لەو گۆڤارەشدا دوو یان سێ بابەتی کورتی تر هەبوون کە بە پێویستم نەزانی لە چاپ بدرێنەوە.

بابەتەکانی ئەم کتێبە هەمەجۆرن؛لە چۆنێتیی مامەڵەی ئیسلامی لەگەڵ عەلمانیەتدا بۆ تەکفیر بۆ جیاوازیی شەرعی تا دواکەتنی کوردستان ،بیروباوەڕی عەلمانی، مەسەلەی دەوڵەتی کوردی.وەك یارمەتییەکیش بۆخوێنەرئەمەی خوارەوە بابەتەکانە بە کورتی:

١- فیقهی کاری ئیسلامی... سنووری نێوان حیکمەت ومواهەنە : باسێکە لە بارەی حیکمەت لە رەفتارو کاری ئیسلامیدا وچۆن زۆر جار بە ناوی حکمەتەوە رووپامایی بۆ کوفر دەکرێت.

٢-چەکی سامناکی تەکفیر: وڵاتانی موسڵمانان دیاردەی تەکفیریکوێرانەیان بۆ خۆیەوە دیوە بەڵام هەروەها تەکفیر فەرامۆش کراوە، هۆیەکی ئەمەش نەبوونی تەکفیری دروست و شەرعییە. تەکفیر پێویستە هەبێت بۆ جیاکردنەوەی هەق وناهەق و بۆ رێگە گرتن لە تەکفیری کوێرانە.

٣-جیاوازیی شەرعی... تێگەشتن و مامەڵە: موسڵمانان لە نێوان خۆیاندا خیلافیان بۆ دروست دەبێت.ئیتر ئایا لە چ مەسەلەیکدا پێویستە خیلافیان نەبێت ولە چیدا رێگە بە خیلاف دراوە؟ لە خیلافی شەرعیدا چۆن رەفتار بکەین؟ چۆن رێگە لە تۆقاندنی فیکری بگیرێت؟

٤-رەشماڵ لە سەردەمی شارە مەزنەکاندا: دەبوایە بمانوتایە(رەشماڵی کورد).مەبەستیشمان ئەوەیە لە سەردەمی قەبەبوونی هێزی دەوڵەتەکان وگەورەبوونی شارستانیەت کورد خاوەنی رەشماڵە. کورد لە هەموو روویەکەوە دواکەوتووە.

٥-عەلمانیەتی نامۆ...کاری ئاین لەسەر دەوڵەت وکۆمەڵگە: هەوڵەکانی بەرکەنارکردنی ئاین سەرکەوتوو نین.ئاین ئامادەیی بەردەوامی هەیە. عەلمانیەتیش نامۆیە لە رەوتی مرۆڤایەتیو تەنانەت لە ناو خودی خۆیدا نارێکە. باسەکە وەکو نموونە دەوری ئاین لەسەر پێشکەوتن (بە سلبی و ئیجابی)و لەسەر دەوڵەت دەهێنێتەوە.

٦-دەوڵەت لە کوردستاندا...گەڕان بە دوای هۆکانی دروست نەبوونی دەولەتی کوردستانی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ: بۆچی لە کوردستاندا تەنها نموونەی (میدیا) وەکو دەوڵەت دەهێنرێتەوە؟ بەر لە میدیا دەوڵەتی تر لە کوردستاندا هەبوون بەڵام جگە لەو نموونە کەمانە نەبوونی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستانی سیمایەکی بەرچاوی کوردستانە. بابەتەکە باس لە هۆکانی ناوەوەو دەرەوە دەکات و تەرکیز لەسەر ئەوانەی ناوەوە دەکات : هۆی جوگرافیوتۆپۆگرافی، دواکەوتن، پەرتەوازەیی،....

ئەمە کورتەی بابەتەکانە . گومان لەوەشدا نییە کە هەموو نووسەرێك پاش بڵاوبوونەوەی بابەتەکەی هەست بە هەندێك کەموکورتی دەکات وئەگەر هەر دەرفەتێکی بۆ بڕەخسێت دەستێکی پیادا دەهێنێتەوە. بابەتەکانی ئەم کتێبەش بە هەمان شێوە پێویستیان بە هەندێك دەستکاریوزیاد کردن هەبوو.لە هەموو حاڵەتێکیشدا هەموو باسەکان موناقەشەن هەڵدەگرن ئەویش وەکو هەر بەرهەمێکی تری مرۆڤ، نووسەری بەختەوەریش ئەوەیە کە رەخنەگری زیرەك وبە ئینسافی بۆ هەڵبکەوێت.

سلێمانی

١٤٢١یکۆچی –٢٠٠٠یزاینی